### بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە 500 نوسەری گرتۆتەوە

# ئەدیبە فەرەنسییەکان ناتوانن لەسەر بەرهەمەکانیان بژین

و/هێمن مەحمود – دەربەندیخان
Hemnm1979@yahoo.com

لەکاتێکدا فەرەنسییەکان بەدەرچونی 683 رۆمان (کە 375 رۆمانی فەرەنسی و100 رۆمانی نوسەرە تازەکان کە شەپۆلێکی تازەن لەگۆڕەپانی ئەدەبی فەرەنسی و205 رۆمانی بیانی)یە،خۆیان بۆ هاتنی وەرزی ئەدەبی و رۆشنبیری 2007 ئامادە دەکەن وهەروەها لە چاوەڕوانی مەراسیمی کتێب ومیهرەجانەکان ودابەشکردنی خەڵاتە ئەدەبیە جیاوازەکان،زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی (برنار لاهیر) لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی گرنگمان بەناونیشانی (واقیعی ئەدەبی،ژیانێکی هاودژی نوسەران) پێشکەشدەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە 620 لاپەڕەیە،ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە نوسەران یاخود ئەدیبەکان سەرەڕای ئەو گرنگییە ئیعلامی وجەماوەرییەی پێیان دەدرێت بەڵام واقیعە راستەقینەکەیان هەر بەنادیاری ماوەتەوە،ئەویش لەئەنجامی نەبونی چەندین لێکۆڵینەوەی جیدی لەو بارەیەوە.

ئەگەر خوێنەر یاخود هاوڵاتیەکی ئاسایی وابزانێت کە نوسەر هەموکات وژیانی خۆی بۆ هونەرەکەی تەرخان دەکات،واتە بۆ کاری نوسین،ئەوا واقیعی نوسەرەکە پێچەوانەی ئەمە پیشاندەدات.

ئێمە پزیشك وئەندازیار وکرێکار وهەمو ئەوانە دەبینین بەداهاتی ئەو کارە دەژی کە زۆربەی ژیانی خۆیانیان بۆ تەرخانکردوە،بەڵام نوسەران لەهەموو ئەوانە جیاوازترن.

503 نوسەر کە لێکۆڵینەوەکە گرتونیەتیەوە دەبینین لە 98٪یان کارێکی دیکە دەکەن لەپاڵ نوسیندا بۆ ئەوەی ژ یانی خۆیانی پێ مسۆگەربکەن ولە 42٪ش نزیکەی ساڵێك دەبێت هیچ داهاتێکیان لەبەرهەمە ئەدەبیەکانیان وەدەستنەکەوتوە.

هەروەها لە 18٪شیان لەلایەن دەوڵەتەوە بیمەی کۆمەڵایەتی وەردەگرن وەك کە مترین یارمەتییەك بۆ روبەڕوبونەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان.

وەك ئاشکرایە ئەم ژیانە دژەیەکە کە تازەنیە بەجیهانی ئەدەب ونوسین،پێشتر ژمارەیەکی گەورە لەنوسەرە ناودارەکان تاقیانکردۆتەوە،بۆ نمونە (شاتۆ بریان 1768-1848) کە وەك سکرتێرێك لەسەفارەت کاریکردوە،ستیڤان مالارمیە( 1842-1898) وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی کاریکردوە،فرانز کافکا(1883-1924) فەرمانبەر بوە لەکەرتی دڵنیایی(تامینات).

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم لێکۆڵینەوەیە مەیدانیەدا ئەوەیە کە بەزمانی ژمارە وبەیانات وگێڕانەوە ئەوەمان بیردەخاتەوە،کە بارودۆخی نوسەران لەگەڵ تێپەڕبونی سەردەمەکاندا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە.

هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بۆ بەشی کتێبیش دەکات لەبازاڕەکانی چاپکردندا،
دەڵێت لە 16٪ ئەو نوسەرانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرتونیەتیەوە، ژمارەی نوسخە چاپکراوەکانی کتێبێکیان 1000 نوسخەیە،لە 15٪شیان کەمتر لە 500 نوسخەیە،بەڵام ئەوانەی کتێبەکانیان بۆ هەر ناونیشانێك (10000 نوسخەیە) رێژەکەیان لە 23٪تێنەپەڕیوە.

هەر لەوسیاقەدا (بەرنار لاهیر) ئەوە دوپاتدەکاتەوە کە سەرەڕای گرنگی شوێنی نوسەر لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی کتێبدا بەو سیفەتەی کە خاڵی ناوەندە لەو پرۆسەیەدا،کەچی لەوقیعدا کەمترین گرنگی بەردەکەوێت لەلایەنی دەستکەوتی ئابوورییەوە بەبەراورد بەدەستکەوتەکانی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە وکتێبخانەکان وزنجیرەکانی دیکەی پیشەسازی کتێبەوە.

لێکۆڵینەوەکە ئەوەش ئاشکرادەکات کە لە 71٪ی نوسەران سەر بەتوێژە باڵاکانی کۆمەڵگان ئەوانەی کە گەشتونەتە ئاستی فێربونی زانکۆیی ،لەدوای ئەوانیش ئەوانەی کە بڕوانامەی دواناوەندییان هەیە،ژمارەیەکی کەمیش لەوانەن کە هەر لەساڵانێکی زووەوە وازیان لەخوێندن هێناوە،ئەمە بۆ زانیاریش کە پرۆسەی نوسین بەمەرجی بڕوانامەوە نیە هێندەی ئەوەی مەرجە بەبونی بەهرەو زانینی هونەری دێپاچە ئەدەبییەکانەوە.

وە دەربارەی ئەو جۆرە کارانەش کە بە بەهێزی ئامادەن،مامۆستایی و رۆژنامەگەری و رۆشنبیری لەپێشەوە دێن و لە 63٪ی ئەو نوسەرانە پێوەی خەریکن،ریژەی کرێکاریش لە 1.2٪ پێکدێنێت،لەنێوان ئەو نوسەرانەشدا (ئیف بیشیە)هەیە کە لەبواری بیناسازیدا کاردەکات وتاوەکو ئێستا 14 کێبی لەخانەی (گالیمار) و(فایار)بەچاپ گەیاندوە.

ئەگەر ئافرەتان لەلیستی پێشەوەی خوێنەران بن لەفەرەنسادا ،ئەوا لەنوسیندا پیاو بەش زۆرینەی بەرکەوتوە،ئەمە لانی کەم لەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەکە گرتونیەتەوە وتوانیویانە کارەکانیان بڵاوبکەنەوە وریژەکەیان لە 62.8٪ە.

لێکۆڵینەوەکە سێ جۆرنوسەر دەستنیشان دەکات:

جۆری یەکەمیان ئەوانەن کە هەر بەئارەزوو دەنوسن،جۆری دوهەمیشیان ئەوانەن کە توانیویانە لەگەڵ کارێکی دیکەدا بەردەوامی بەنوسینەکانیشیان بدەن،بەڵام جۆری سێهەم ئەوانەن کە توانیویانە شەڕەکە بەنوسین ببەنەوە و پێی بژین،ئەوانەشی کە لەم جۆرەن ژمارەیان کەمە.

دەربارەی ئەو پرسیارەش کە ئیدی بۆچی دەنوسن لەکاتێکا کە داهاتی مادییان لاوازە؟

هەندێك نوسەر وەها وەڵام دەدەنەوە کە ئارەزوویەکی کەسییە ولەگەڵ لەدایکبوندا یاخود پیرێتیدا لەدایك دەبێت.

هەندێکی دیکەشیان دەڵێن بەنیسبەت ئەوانەوە نوسین جۆرێکە لەهەناسەدان وژیان.

لێکۆڵینەوەکەی (بەرنار لاهیر)کە بەرێوەبەری بەشی لێکۆڵینەوەیە لە (ناوەندی نیشتمانی فەرەنسی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی) و مامۆستای زانستی کۆمەڵناسییە لە(پەیمانگای جیهانی)لە شاری (لیۆن)،سێ ی ساڵی خایاندوە.

سەرچاوە/ الحیاە

9/25